MASS
MESOPOTAMIA ASSOCIATION FOR STRATEGIC STUDIES

POLICY PAPER

# Iraq in a Transition Period: Challenges and Opportunities

# عێراق لە قۆناغی ڕاگوزەرەدا
# ئاڵنگاری و دەرفەتەکان



KNOWLEDGE IS POWER

MESOPOTAMIA ASSOCIATION FOR STRATEGIC STUDIES

# عێراق لە قۆناغی ڕاگوزەردا: ئاڵنگاری و دەرفەتەکان

## پێشەکی

لە دوای (٧ی ئۆکتۆبەری٢٠٢٣)وە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چووەتە ناو قۆناغێکی وەرچەرخانی مێژوویی‌یەوە؛ دۆخێک کە تێیدا ڕوکار و هوکێشە کۆنەکان بەتەواوی هەڵوەشاونەتەوە؛ بەڵام هێشتا هاوسەنگیی نوێ بەتەواوی دەرنەکەوتوە.

لەم ساتەوەختەدا عێراق بەهۆی شوێنی جوگرافی و دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی‌یەوە، گۆڕانکاری و کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەکەوێتە سەر. لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا دەسەڵاتدارانی عێراق توانییان بەشداریی گروپە چەکدارەکانی عێراق لە جەنگەکانی ناوچەکە بۆ لانی کەم دابەزێنن. سەرباری ئەم خۆپاراستنە، ئەم جەنگانە، بەتایبەت جەنگی ئێران ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەسەڵات لە عێراق بەجێهێشتوە و بەجێ دەهێڵن، بە شێوەیەک کە بۆ یەکەمجار لە دوای ٢٠٠٣وە، سەرۆکی ئەمریکا ڤیتۆی کاندیدی سەرۆک وەزیرانی چوارچێوەی هەماهەنگیی کرد و ئەمەش ڕێی خۆشکرد بۆ هاتنەسەرکاری سەرۆک وەزیرانێکی ناحیزبی.

هەر بۆیە ئێستا عێراق کەوتۆتە بەردەم قۆناغێکی ڕاگوزەر؛ یا دەبێت بە کەمترین زیان خۆی لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەی ناوچەکەدا بگونجێنێت، یاخود دەکەوێتە ناو چەقی باهۆزی گۆڕانکاری‌یەکانەوە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا دەسەڵاتدارانی عێراق ئەتوانن درێژە بەو دۆخەی ئێستا بدەن یان کاتی خۆساخکردنەوە و یەکلاکردنەوەی کۆمەڵێک فایلی هەڵپەسێردراوی ناوخۆی عێراقە؟ وەکو کۆنترۆڵکردنی چەک (حصر السلاح) و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی.

ئاخۆ عێراق لە کوێی هاوسەنگییە نوێیەکاندایە و چۆن دەتوانێت ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت؟

بۆ باسکردنی گرنگترین ئەو ئاڵنگاری و دەرفەتانەی کە لە ئێستادا لە بەردەم حکومەتی فیدراڵدان، دامەزراوەکەمان گفتوگۆیەکی کراوەی بۆ ژمارەیەک لە پەرلەمانتار و شارەزایان لە بوارە جیاوازەکاندا ڕێکخست کە ناوەکانیان لە کۆتایی پەیپەرەکەدا هاتوە.

لە گفتوگۆیەکەدا[1] کە لە لایەن د. یاسین تەها، پسپۆڕ لە مێژووی ئاپێزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق بەڕێوەبرا، دۆخی عێراق لە سێ تەوەری سەرەکیدا تاوتوێ کرا کە ئەمانە بون:

ئاڵنگاری‌یە سەربازی و ئاسایشییەکان، ئاڵنگاری‌یە ئابوری‌یەکان وئاڵنگاری‌یە سیاسی‌یەکان. هوکات لەهەر یەکێک لەو تەوەرانەدا دەرفەتەکانیش تاوتوێ کران.

---

[1] . بۆ بینینی کۆی گفتوگۆکە بڕوانە ئەم بەستەرە:
https://www.youtube.com/watch?v=fsKmuu1r7E0

ئەم پەڕاوە سیاسییە بە سود وەرگرتن لەو بیروڕایانەی لە گفتوگۆ کراوەکە خرانەڕو، لە لایەن (د. یوسف محەمەد سادق و لەنیا بورهان محەمەد)ەوە ئامادە کراوە و، لە لایەن مەحمود ڕەزا ئەمین (ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی MASS)ەوە پیاچونەوەی بۆ کراوە [2]:

**پوختە:**

- وەستانی جوڵەی کەشتیوانی لە گەرووی هورموز لە سەرەتای مانگی ئازاری ئەمساڵ، نەک تەنها بویە هۆی کەمبونەوەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ کەمترین ئاست لە ٢٠ ساڵی ڕابردو، بەڵکو سەرقاپی لەسەر کۆی کێشە و قەیرانە دارایی و ئابورییە قوڵەکانی ئەم وڵاتە هەڵدایەوە.
- جگە لە تاک سەرچاوەیی ئابوریی عێراق، کێشەیەکی بونیادیی تر ئەوەیە کە بەشێوەیەکی کرداری نزیکەی (٨٥%)ی بودجەی عێراق بۆ بودجەی بەگەڕخستن (الموازنة التشغيلية) دەڕوات. سەرباری ئەمانەش قەرزە ناوخۆییەکانی عێراق لە هەڵکشاندان لە کاتێکدا کە پلەبەندی باوەڕپێکراوی دارایی (التصنيف الإئتماني Credit Rating)ی عێراق دابەزیوە بۆ (B-).
- دۆخی دارایی عراق داپراو نابێت لە ململانێکانی ناوچەکە و ئابلۆقە ئابورییە تاکلایەنە و هەمەلایەنەکان جا چ ئەو ئابلۆقانەی پەیوەندیدارن بە ئێران، یان ئەوانەی پەیوەندیدارن بە تاک و کۆمپانیا و گروپە چەکدارەکانی عێراق.
- حکومەتی فیدراڵ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم کێشە دارایی و ئابورییە قوڵانەی ئێستای عێراق، چارەسەری ئاسانی لەبەردەست نییە، لەوانە دەسکاری کردنی نرخی دینار، دوکردنی قەواڵە حکومییەکان (السندات الحكومية)، گۆڕینی دراو و کەمکردنەوەی ژمارەکانی و چەندڕێکارێکی بەئازاری تر.
- سەرباری هەمو ئەمانە، قەیرانیی دارایی عێراق دەرفەتە بۆ کەمکردنەوەی پشت بەستن بە نەوت و پەرەدان بە دەروازەکانی تری هەناردەکردنی، فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات، پەرەپێدانی پلان بۆ داڕێژراو بە کەرتە ئابورییەکانی تر و سەرلەنوێ کۆکردنەوە لەسەر ڕێگای گەشە (طريق التنمية).
- عێراق ئەزمونێکی تاڵی هەیە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. ساڵی (٢٠١١) هێزەکانی ئەمریکا کشانەوە. پاش ماوەیەک لە ساڵی (٢٠١٤) دا داعش ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە و نزیکەی سێیەکی خاکی عێراقی داگیر کرد. هەڵبەت دۆخی هێزە سەربازییەکانی ئێستای عێراق و توانا و لێوەشاوەییان جیاوازە لەو کاتە، بەڵام هێشتا دڵنیایی تەواو نییە، بەتایبەت لەگەڵ بەردەوامی جەنگ و ململانێکانی ناوچەکە و ئەو ڕاپۆرتانەشی باس لە خۆڕێکخستنەوەی گروپە تیرۆریستییەکان و زیادبونی ژمارەیان دەکەن.
- هەندێک پێانوایە کە عێراق هاوشێوەی پێشو گرنگییەکی گەورەی بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نەماوە وزیاتر لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئێران لە عێراق و ناوچەکە و بەستنەوەی بە تۆڕێکی نوێ لە پەیوەندیی ئابوری و وزە لەگەڵ تورکیا و سوریا و جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لێی دەڕوانێت.

---

[2] . لینکی ئەم پەڕاوە لە سایتی دامەزراوە بە زمانی کوردی:
-https://mass.org.iq/%d8%b9%db%8e%d8%b1%d8%a7%d9%82-%d9%84%db%95
-d9%82%db%86%d9%86%d8%a7%d8%ba%db%8c%
-d8%b1%d8%a7%da%af%d9%88%d8%b2%db%95%d8%b1%d8%af%d8%a7%
/d8%a6%d8%a7%da%b5%d9%86%da%af%d8%a7%d8%b1%db%8c-%d9%88-%d8%af%

- ئێستا ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، پێویستی بە درێژەدان بە هەبونی سەربازی و بنکەی جێگیر نییە بە تێچوی زۆرەوە.
- کۆی دۆخی ئەو هێزە چەکدارانەی بە هۆی شەڕی داعشەوە دروست بون و پەیوەندییان بە دەستەی حەشدی شەعبی‌یەوە ئاڵۆزە. هەندێک لەمانە بە تەواوی سەر بە دەستەی حەشدن، هەندێکیان بە شکڵی سەر بەو دەستەیەن، بەشێکیان سەر بە سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکانن و هەندێکیشیان لە دەرەوەی کۆی دامەزراوە سەربازییە فەرمییەکانن.
- نارونی لە چەمکی کۆنترۆڵ کردنی چەک (حصر السلاح) و چییەتی و چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، جیاوازی‌ی نێوان دۆخی گروپە چەکدارەکان و پەیوەندییان بە دەستەی حەشدی شەعبی و هێزە سیاسی‌یەکانەوە، پێویستی‌ی رێکخستنی ئەم پرۆسەیەی لە چوارچێوەیەکی قانونیدا هێناوەتە کایەوە.
- کۆنترۆڵ کردنی چەکی بەرەڵا (حصر السلاح المنفلت) پرۆسەیەکی ئاسان نییە، چونکە دیدگای گروپە چەکدارەکان بۆی جیاوازە، هەندێکیان هەر بە تەواوی رەتی ئەکەنەوە، هەندێکی تریان ئەیانەوێت ئەو پرۆسەیە هاوشێوەی خۆگونجاندنی گروپە چەکدارەکانی سوریا بێت.
- پێویستە لەسەش ئاگادار بین کە ئەم پرۆسەیە پەیوەندیدارە بە کارلێکی کۆی گۆڕاوەکانی ناوچەکە، بەتایبەتیش سەرەنجامی جەنگی ئێران -ئەمریکا و ململانێی نێوانیانەوە.
- پرسی چەکی گروپە چەکدارەکان،رەهەندێکی ناوچەییشی بۆ زیاد بوە، بەتایبەت دوای ئەوەی سعودیە و دەوڵەتانی تری کەنداو چەند جارێک، ئەم گروپانەیان تۆمەتبار کردوە بەوەی هێرشیان کردۆتە سەریان. ئەگەر ئەندامێتی سعودیە لە رێککەوتننامەی مەککەش لە بەرچاو بگرین، ئەوا ئەو گرژی‌یە ئەمنی و سەربازییانەی ئەم گروپانە لە ئاستی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق دروستی ئەکەن، رەهەندێکی گەورەتر وەردەگرێت.
- سەرباری هەمو ئەو ئاڵنگاری‌یە ئابوری و تەناهییانەی لە بەردەم حکومەتەکەی عەلی زەیدی هەن، کێشەیەکی تر بریتی‌یە لە تەواو نەبونی کابینەکە، بە شێوەیەک کە ئێستا لە کۆی ٢٣ وەزارەت، تەنها ١٤ وەزیر متمانەیان لە ئەنجومەنی نوێنەران وەرگرتوە و ٩ وەزارەت بە وەکالەت بەڕێوە ئەبرێن. ئەمەش حکومەتەکەی زەیدی خستۆتە بەردەم ئەگەری لەدەسدانی نیسابی یاسایی دانیشتنەکان.
- هەر بۆیەش بە دەستکێشانەوە یان متمانە وەرگرتنەوە لە ٢ یان ٣ وەزیری کابینەکەی زەیدی، سەرباری ئەوەی هیچ بەڵگەیەک نییە کە حکومەت ببێتە کاربەڕێکەر، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران نیسابی قانونیی دانیشتنەکانی نامێنێت و ناتوانێت ئەو دەسەڵاتانە پیادە بکات کە پەیوەستن بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانەوە.
- لە ناو ئەو وەزارەتانەی تا ئێستا بە چۆڵی ماونەتەوە و بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن هەردو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ هەن کە ئەمە بۆ ئەم قۆناغە پڕ لە ململانێیەی دەوروبەری عێراق، هەروەها دۆخی ناوخۆشی، جێگەی مەترسین.
- سەرباری هەمو ئەمانەش، یەکێکی تر لە ئەگەرەکان دەستکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانە لە پۆستەکەی کە ئەمەش عێراق ئەخاتە ناو گێژاوی قەیرانێکی سیاسی‌ی گەورە کە دەرچون لێی ئاسان نابێت.

**یەکەم: ئاڵنگارییە ئابورییەکان:**

وەستانی جوڵەی کەشتییەوانی لە گەروی هورموز بە هۆی جەنگی ئێرانەوە، سەرقاپی لەسەر دۆخی پڕتەنگژەی ئابوریی عێراق و کێشە بونیادییەکانی هەڵدایەوە. بەشێکی زۆری کاتی گفتوگۆکە تەرخان کرا بۆ شەنوکەوکردنی دۆخی ئابوریی عێراق، چونکە زۆریی موچە و وابەستەبوونی ئابوریی عێراق بە نەوتەوە دوو کێشەی سەرەکی وڵاتەکەیە.

## 1. دۆخی هەناردەکردنی نەوت:

لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە لە سەدا نەوەدو سێی (%٩٣) داهاتی عێراق پشتی بەستووە بە داهاتی نەوت. ئەمە وایکردووە هەر گۆڕانکارییەک لە بەرزی و نزمی یاخود بڕی هەناردەکردنەکەی، ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبێت لەسەر بودجە و خەرجییە لەپێشینەکانی عێراق.

عێراق پێشتر رۆژانە نزیکەی (٣،٨٨٠،٠٠٠) سێ ملیۆن و هەشتسەدو هەشتا هەزار بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە. بەڵام لە مانگی نیسانی ئەم ساڵا ئەم بڕە بۆ نزیکەی (٣٣٠،٠٠٠) سێسەد و سی هەزار بەرمیلی رۆژانە دابەزی [3] چونکە لە (٢٨\ ١٢\ ٢٠٢٦) بەدواوە، واتە لەگەڵ دەسپێکی گەڕی دووەمی جەنگی ئێران – ئەمریکا، عێراق بە زەحمەت توانیویەتی نەوت لە رێگەی گەرووی هورمزەوە هەناردە بکا. هەرچەندە ئێستا بڕی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە بەرزبونەوە دایە، بەشێوەیەک کە رۆژی ١٤- ٨- ٢٠٢٦ باسم خزەییری، وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە لە سەرەتای مانگی ئابەوە هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ دو ملیۆن بەرمیلی رۆژانە بەرز بوەتەوە [4] بەڵام ئەم بڕەش هێشتا زۆر کەمترە لەوەی عیراق بتوانێ خەرجییە زەبەندەکانی پێ دابین بکا.

## 2. کێشە بونیادییەکانی تری ئابوریی عێراق:

**أ.لاسەنگی ئابوری:** یەکێک لە کێشە بونیادییەکانی عێراق لاسەنگیی بودجەیە لە نێوان بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی بەگەڕخستن (الموازنة التشغيلية)دا.

لە ساڵی (٢٠٠٥)وە هەتا ئێستا بڕی بودجەی بەگەڕخستن لە(٣٢) سی و دوو تریلیۆن دینارەوە بازی داوە بۆ (٢١١) دووسەدو یانزە تریلیۆن دینار/ ساڵ. بەشێوەیەک کە وەک ئەحمەدی حاجی رەشید، ئەندامی سێ خولی لیژنەی دارایی عێراق ئاماژەی پێدا، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥ تا ٢٠٢٥) ٧٠٪ی بودجە بۆ بەگەڕخستن و ٣٠٪ بۆ وەبەرهێنان دانراوە. بەڵام هیچ ساڵێک تەنانەت ١٥٪ ی بودجە بۆ وەبەرهێنان بە تەواوی خەرج نەکراوە. واتە نیوەی بودجەی پلانکراو بۆ وەبەرهێنان هەر دیسانەوە بۆ بودجەی بەگەڕخستن

---

[3] . بڕوانە سایتی وەزارەتی نەوتی عێراق لەم بەستەرە (تاريخ الزيارة ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://www.oil.gov.iq/?article=123

[4] . بڕوانە: واع –البصرة، وزير النفط: صادراتنا النفطية منذ مطلع آب بلغت مليوني برميل يومياً، على موقع وكالة الأنباء العراقية،

(تاريخ الزيارة ١٦- ٨- ٢٠٢٦):
https://ina.iq/ar/economie/270826-.html

خەرج کراوە! لەبەر ئەم هۆکارەیە کە عێراق لە ڕووی ئابورییەوە چەقی بەستووە و ژێرخانێکی وەها لاوازی هەیە کە بە ڕووداوێکی لەناکاو دوچاری قەیرانی گەورە دەبێتەوە، چونکە نەیتوانیوە داهاتە زۆر و زەوەندەکانی فرۆشتنی نەوت لە ساڵانی ڕابردودا بقۆزێتەوە بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری و پەرەدان بە کەرتە ئابورییەکانی تر و فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات.

**ب. هەڵکشانی قەرزە ناوخۆییەکان: لە** لایەکی ترەوە عێراق قەرزەکانی بەردەوام لە هەڵکشاندان، بەشێوەیەک کە لە ئێستادا وەک ئەحمەدی حاجی ڕەشید، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی پێدا، تەنها قەرزە ناوخۆییەکان بەرز بوەتەوە بۆ (٩٠) تریلیۆن دینار، ئەمە جگە لە قەرزی دەرەکی کە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلارە و لە قەرزە نارەواکان (القروض البغيضة)ی دەوڵەتانی کەنداویش کە نزیکەی ٤١ ملیار دۆلارە. سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ٢١- ٨- ٢٠٢٦ ڕایگەیاند کە کۆی قەرزەکانی عێراق نزیکەی (٢٠٨) ترلیۆن دینارن[5]. لە ئەنجامی ئەمە و کۆی قەیرانە بونیادییەکانی ئابوری، پلەبەندی باوەڕپێکراوی دارایی (التصنيف الإئتماني Credit Rating)ی عێراق دابەزیوە بۆ (-B) کە ئەمە هەم وەرگرتنی قەرزی دەرەکی زەحمەت ئەکا وە هەم سودی قەرز بەرز ئەکاتەوە.

**ت. ئابڵوقە و سزا ئابورییەکان:** یەکێکی تر لەو ئاستەنگانەی ڕەنگە ڕو لە ئابوری عێراق بکا، کێشەی سزاکانی ئەمریکایە. جا چ ئەو سزایانەی پەیوەندیدارن بە بەردەوامی ململانێکان لەگەڵ ئێران یان ئەوانەی پەیوەندیدارن بە گروپە چەکدارەکانی ناوخۆی عێراق و تۆمەتەکانی پەیوەندیدار بە گەندەڵی و پارە سپیکردنەوەوە. یەکێک لە سەرەکیترین ئامرازەکانی ململانێکانی نێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئێران، ئابڵوقەی ئابوری و سزا داراییە تاکلایەنە و بەکۆمەڵ و نێودەوڵەتییەکانن. لەم چوارچێوەیەدا لە دوا پەرەسەندنەکانی زیادبونی ئەم ئابڵوقە و سزایانە، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ڕۆژی ٢٠- ٨- ٢٠٢٦ لە ڕێگەی پلاتفۆرمی "تروس سۆشیاڵ" (Truth Social) "هێرشێکی توند و گەورەی ئابوری بۆ وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی ئێران ڕاگەیاند لە ژێر سەرناوی "ڕۆژی دابەزینی ئابوری"(Economic D-Day) ، کە مەبەست لێی هێرشی هەمەلایەنەی ئابورییە.

ئەم پەرەسەندنە دوای ئەوە هات کە ماوەی ٦٠ ڕۆژی ئاگربەست تەواو بو، بەبێ ئەوەی هیچ پەرەسەندنێک لە بواری دیپلۆماسیدا بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێکان، ڕو بدا. ترەمپ ئەم پاکێجەی بە

---

[5]. عبدالوهاب الجندي، علي الزيدي: العراق يعاني من مديونية تزيد عن 208تريليونات دينار، على موقع اليوم السابع (تاريخ الزيارة ٢٤/ ٨/ ٢٠٢٦):
https://www.youm7.com/story/2026/8/22/%D8%B9%D9%84%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B2%D9%8A%D8%AF%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%8A%D8%B9%D8%A7%D9%86%D9%8A-%D9%85%D9%86-%D9%85%D8%AF%D9%8A%D9%88%D9%86%D9%8A%D8%A9-%D8%AA%D8%B2%D9%8A%D8%AF-%D8%B9%D9%86-208-%D8%AA%D8%B1%D9%8A%D9%84%D9%8A%D9%88%D9%86%D8%A7%D8%AA/7521102

"تێکشکێنەرترین پرۆسەی ئابوری لە مێژوودا دژی هەر وڵاتێک "وەسف کرد [6]. هەندێک لە شارەزایانی ئابوری عێراق پێیان وایە کە عێراق یەکێک لە سەرەکیترین زیانمەندەکانی ئەم ئابلۆقە و سزا داراییانەی ئەمریکایە بۆ سەر ئێران [7].

بە هەمان شێوە بە دور نابینرێت کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سزا داراییەکانی لەسەر ئەو گروپ و کەس و کۆمپانیا و بانکانەی عێراق توندتر بکاتەوە کە گومانی هەبونی پەیوەندییان لەگەڵ ئێران لێ ئەکا. تەنانەت بە دور نازانرێت کە ئەگەر حکومەتی ئێستای عێراق هەنگاوی کرداری بۆ چەککردنی گروپە چەکدارەکانی عێراق نەگرێتەبەر، ئەوا کۆی ئابوریی عێراق روبەڕووی سزای دارایی ببێتەوە.

**ج. یەدەکی دراو و بەهای دینار:** بەپێی وتەکانی محەمەد حسێن، شارەزای ئابوری، یەدەک دوو کاری سەرەکی هەیە: دابینکردنی دۆلار بۆ هاوردەکردنی پێویستییەکانی ژیان و پاراستنی بەهای دینار. ئێستا عێراق (٨٦) ملیار دۆلار یەدەکی هەیە. کە ئەمە ئەکاتە نزیکەی ١١٠.٥ ترلیۆن دینار و بە هۆی چاپکردنی دینارەوە خەریکە بڕی دینار زیاتر بێ لەو یەدەکە. ئەمەش مەترسیدارە و ئەبێتە هۆی زیاتر بەرزبونەوەی رێژەی هەڵاوسان. بەڵام لە خراپترین حاڵەتدا نابێ بڕی یەدەک بگاتە خوار (٧٥) ملیار دۆلار.

هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوە، پێویستی بە چەندرێکارێکە: بۆ نموونە سیستەمی بانکی بەهێز ئەبێتە هۆی راکێشان و بەگەڕخستنی ئەو پارەیەی ئێستا لە ماڵەکاندا شاردراونەتەوە یان هەڵگیراون کە پێی ئەوترێ (النقد العاطل) کە بڕەکەی ٤٠ بۆ ٥٠ ترلیۆن دینارە. لە کاتێکدا کە کۆی قەبارەی نەختینەی (حجم الكتلة النقدية) ئێستای عێراق، نزیکەی ١٢٥ ترلیۆن دینارە .

یەکێکی تر لە کێشەکانی ئابوریی عێراق ئەو پارانەیە کە براونەتە دەرەوە کە بەپێی بەدواداچەنەکانی د. ئەحمەد چەلەبی نزیکەی ١٠٠ ملیار دینارە.

حکومەتی ئێستا کە هیچ پارەیەکی لە حکومەتی پێشوەوە بۆ بەجێ نەماوە، ئێستا لەبیری فرۆشتنی موڵکەکانی دەڵەت و فرۆشتنی زەوییە کشتوکاڵییەکاندایە کە بەرای ئامادەبوانی گفتوگۆکە ئەمە ناتوانێت چارەسەری قەیرانی دارایی عێراق بکات. چونکە ئێستا بڕی خەرجییە زۆر پێویستەکانی عێراق ساڵانە نزیکەی (٩٠) ترلیۆن دینارە و بە فرۆشتنی موڵکەکانی دەوڵەت ئەوە دەستەبەر نابێت.

## 3. رێچارەکان:

حکومەتی فیدراڵ بۆ روبەروبونەی ئەم کێشە دارایی و ئابورییە قوڵانەی ئێستای عێراق، چارەسەری ئاسانی لەبەردەست نییە، هەر بۆیە پێویستە بەردەوام بێت لە هەڵمەتەکانی دژوەستانەوەی گەندەڵی و گەڕاندنەوەی

---

[6]. بڕوانە:
CNBC, Trump threatens ‘Economic D-Day’ for Iran and ‘tremendous’ consequences for its backers, in site:
https://www.cnbc.com/2026/08/19/us-iran-war-trump-hormuz-economic-warfare.html

[7] . بۆ نمونە بڕوانە ئەم تویتەی زیاد هاشمیی لێکۆڵەری ئابوریی عێراق، (مێژوی سەردان کردن: ٢١- ٨- ٢٠٢٦):
https://x.com/ziadalhashimi/status/2090349790680711456?s=12

پارە بەتاڵانبراوەکان. لە هەمان کاتیش دا بەردەوام بێت لە فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و کۆکردنەوەی داهاتەکان بە شەفافی.

بەڕای مەحمود رەزا، پەرلەمانتاری پێشوتری عێراق و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی (MASS)، یەکێکی تر لە چارەسەرەکان، هەرچەند بە ئازارە و وەکو نەشتەرگەری قەیسەری وەهایە، بە رەچاوکردنی چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵ، بریتییە لە دەسهەڵگرتنی حکومەت یان بانکی ناوەندی لە دیاریکردنی نرخی دینار (تعويم العملة). بەڵکو رێگە بدرێ بازاڕ نرخی دینار بەرامبەر دۆلار و دراوە قورسەکانی تری دنیا، دیاری بکا. لەو حاڵەتەدا بەرهەمی ناوخۆ زیاد و هاوردە کەم ئەکا. چونکە بەمە تێچوی بەرهەمهێنانی یەکەیەکی دیاریکراو لە کاڵا، لە ناوخۆی وڵات، لە چاو نرخی هەمان یەکەی هاوردەی بێگانەدا، دائەبەزێ. بەمە هەم هەلیکار زیاد ئەکا و هەم پیشەسازیی جۆراوجۆر و بەروبومی کشتوکاڵی لە ناوخۆی وڵات پەرە ئەستێنن، نەزیفی دۆلار و پرۆسەی تەهریبی دۆلاریش رائەوەستن.

یەکێکی تر لەو رێچارارانەی تر کە باس ئەکرێت، گۆڕینی دراوی عێراقی و کەم کردنەوەی ژمارەکانییەتی، کە بە بڕوای هەندێک لە شارەزایانی دارایی ئەوە پێویستی بە دەوکردنی قانونە لە ئەنجومەنی نوێنەران. هەرچەندە مەرج نییە ئەم رێگایە راستەوخۆ ببێتە هۆی چارەسەری قەیرانی دارایی و کەمیی نەختینە ؟[8] بەڵام لانی کەم ئەتوانرێت جارێکی تر ئەو پارانەی لە دەرەوەی مامەڵەی داراییین بە هەندێک رێوشوێن بگەڕێنرێنەوە بۆ بانکەکان، لە هەمان کاتیشدا بەشێکی زۆری ئەو پارانەی بە هۆی گەندەڵییەوە دیار نەماون دەگەڕێنەوە بۆ خەزێنەی گشتی یان نرخ و بەهایان نامێنێت.

قەرزەکانی ئێستای عێراق و دابەزینی پلەبەندیی متمانەی دارایی‌یەکەی، دۆزینەوەی قەرزی دەرەکی ئاسان (القروض الميسرة)ی قورس کردوە، هەربۆیە وەک کاوان قەرەداخی، شارەزای ژمێریاری ئاماژەی پێکرد، باشترە کە ئەگەر حکومەت ناچار بو بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە قەرز بکات، ئەوا قەواڵە حکومی‌یەکان (السندات الحكومية) دەربکات بۆ وەرگرتنی قەرزی ناوخۆیی و دانەوەی لە کاتی تێپەڕاندنی قەیرانەکانی ئێستا، یان پەنا بۆ چارەسەری یۆنانی ببرێت بۆ سنوردارکردنی راکێشانی پارەی موچە باڵاکان و بە ژمارەکردنی ئاڵوگۆری دارایی بەتایبەت لەگەڵ دامەزراوە حکومی‌یەکاندا.

سەرباری هەمو ئەمانە، قەیرانیی دارایی عێراق دەرفەتە بۆ کەمکردنەوەی پشت بەستن بە نەوت و فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و پەرەپێدانی پلان بۆ داڕێژراو بە کەرتە ئابوری‌یەکانی تری وەک پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار و بازرگانیی نێودەوڵەتی. کێشەکانی کەنداو دەرفەتی زێڕینن بۆ سەرلەنوێ کارکردنەوە لەسەر رێگای گەشە (طريق التنمية) و کردنی بە هۆکارێک بۆ دروستکردنی یەکتەواوکردنی (التكامل) و

---

8. بڕوانە: ئاوێنە، ئەحمەدی حاجی رەشید: لابردنی سفرەکانی سەر دینار، مەرج نییە پرۆژەیەکی سەرکەوتو بێت، لەم بەستەرە لە سایتی ئاوێنە (مێژوی سەردان کردن: ٢٥- ٨- ٢٠٢٦):
https://www.awene.com/detail?article=140066

پێکەوەبەستنی ناوخۆیی و ناوچەیی. هەروەها پێویستە ڕێگاکانی دیکەی ناردنە دەرەوەی وزە چ نەوت و چ گازی سروشتی کاری لەپێشینەی حکومەتی ئێستا بێت.

### دووەم: ئاڵنگارییە ئاسایشی و سیاسییەکان:

سەقامگیریی ئەمنی بۆ پەرەپێدانی ئابوری و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکانی پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوری و تێپەڕاندنی قەیرانە دارایی و ئابورییەکان گرنگە. هەر بۆیەش تەوەری دووەمی گفتوگۆکە تەرخان کرا بۆ تاوتوێکردنی پرسی ئاسایش و دۆخی تەناهیی عێراق، بەتایبەت پاش کشانەوەی تەواوەتی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ٣٠- ٩- ٢٠٢٦ و دواتریش پرسی کۆکردنەوەی چەکی گروپە چەکدارەکانی عێراق.

پرسی سەرەکی لەم ڕووەوە ئەوەیە کە لە دوای چونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا کێ بۆشایی ئەمنی لە عێراقدا پڕ دەکاتەوە؟ کێ ئاسمانی عێراق ئەپارێزێت؟

لە لایەکی ترەوە پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک (حصر السلاح)ی گروپە چەکدارەکان چۆن بەڕێوە دەچێت؟ ئایا ڕووبەڕوبونەوە لە نێوان هێزە سەربازییەکان و گروپە چەکدارەکان دروست ئەبێت؟

### 1. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا:

هێزەکانی ئەمریکا بڕیارە لە (٣٠- ٩- ٢٠٢٦) بە تەواوی بکشێنەوە. عێراق ئەزمونێکی تاڵی لەم ڕووەوە هەیە. ساڵی (٢٠١١) هێزەکانی ئەمریکا کشانەوە. پاش ماوەیەک لە ساڵی (٢٠١٤) دا داعش ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە و نزیکەی سێیەکی خاکی عێراقی داگیر کرد. هەڵبەت دۆخی هێزە سەربازییەکانی ئێستای عێراق و توانا و لێوەشاوەییان جیاوازە لەو کاتە، بەڵام هێشتا دڵنیایی تەواو نییە، بەتایبەت لەگەڵ بەردەوامیی جەنگ و ململانێکانی ناوچەکە و ئەو ڕاپۆرتانەشی باس لە خۆڕێکخستنەوەی گروپە تیرۆریستییەکان و زیادبونی ژمارەیان دەکەن![9]

هەڵبەت بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بڕیارێکی تازە نییە، بەڵکو ئەمە دەرەنجامی ڕێکەوتنی حکومەتی پێشوی عێراقە لە سەردەمی محەمەد شیاع سودانی لەگەڵ ئیدارەی پێشوی وڵاتە یەکگرتوەکان لە سەردەمی

---

[9]. لە لێدوانێکی سەرنجراکێشدا، حەمید شەتری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی واشینتۆن پۆستی ئەمریکی لە مانگی کانونی دوهەمی ئەمساڵ هۆشدارییی دا لە گەڕانەوەی مەترسیی گروپی )داعش (و ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەو چەکدارانە لە سوریا لە ٢٠٠٠ دو هەزارەوە بۆ دە هێندە زیادی کردوە لە ماوەی ساڵێکدا.
بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
الشرق الأوسط -بغداد، رئيس المخابرات العراقية :عدد مقاتلي "داعش" زاد 10أضعاف خلال عام، على موقع جريدة الشرق الأوسط (تاريخ الزيارة ١٧- ٨- ٢٠٢٦):
https://aawsat.com-10-العالم-العربي/المشرق-العربي/5233875-رئيس-المخابرات-العراقية-عدد-مقاتلي-داعش-زاد/أضعاف-خلال-عام

سەرۆکایەتی بایدن لە ئەیلولی ٢٠٢٤ دا؟[10] دواتریش ئیدارەی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا و حکومەتی ئێستای عێراق بە سەرۆکایەتی عەلی زەیدی بەردەوام بون لەسەر ئەو ڕێکەوتنە و زەمانبەندی‌یەکانی.[11]

ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەچوارچێوەی داڕشتنەوەی ستراتیژی نیشتیمانی‌ی خۆی دا و ڕیزبەندی‌ی پێشینی‌یەکانی، هەوڵی کەمکردنەوەی بونی سەربازی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەدات. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کە هاوکاتە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی لە سوریاش، لەم چوارچێوەیە دایە. بەڵام وەک د. ئاکۆ حەمەکەریم، ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێدا، ئەمە بە مانای کۆتایی هاتنی ڕۆڵی ئەمریکا لە عێراق نایەت، چونکە ئەمریکا هێشتا، بەتایبەت لەروی ئابوری‌یەوە، کارتی گوشاری گەورەی بەدەستەوەیە بۆ عێراق.

بەشێک لە بەشداربوانی گفتوگۆکە کۆک بوون لەسەر ئەوەی، کە عێراق هاوشێوەی پێشو گرنگی‌یەکی گەورەی بۆ ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نەماوە و زیاتر لە چوارچێوەی ڕیزبەندی‌یە نوێ‌یەکانی ناوچەکە، کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئێران لە عێراق و ناوچەکە و بەستنەوەی بە تۆڕێکی نوێ لە پەیوەندی‌ی ئابوری و وزە لەگەڵ تورکیا و سوریا لێی دەڕوانێت. دیاریکردنی تۆم باراک، باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا، وەک نێردەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ سوریا و عێراق لەم چوارچێوەیە دایە.[12] هەڵبەت پرسی پەیوەندی‌یە ئابوری‌یەکان و ئەو ڕێکەوتنانەی حکومەتە یەکلە دوای یەکەکانی عێراق لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکی‌یەکان لەبواری وزە ئەنجامیان داوە زیاتر جێی سەرنجی ئەم ئیدارەیەی ئێستای ئەمریکایە. دەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگیرێت کە ئێستا ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی، پێویستی بە درێژەدان بە هەبونی سەربازی و بنکەی جێگیر نییە بە تێچوی زۆرەوە، بەڵکو لە ڕێی فڕۆکە پێشکەوتوەکانی‌یەوە ئەتوانێت لە هەر کات و لە هەر شوێنێک چالاکی‌ی سەربازی و گورزی ئاسمانی ئەنجام بدات. لەم ڕووەوە کاوە محەمەد، پەرلەمانتاری پێشوتری عێراق ئاماژەی بەوەدا کە، هەژمونی ئەمریکا لەسەر عێراق بە ژمارەی بنکە سەربازی‌یەکانی لە عێراق پێوانە ناکرێت، بەتایبەت دوای ڕوداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر. باشترین بەڵگە بۆ ئەمە ڤیتۆکردنی نوری مالکی وەک کاندیدی سەرۆک وەزیرانی چوارچێوەی هەماهەنگی بو.

---

[10] . بڕوانە لێدوانێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ لەم بارەیە لەم لینکە:
https://2021-2025.state.gov/senior-administration-official-and-senior-defense-official-on-a-transition-plan-for-combined-joint-task-force-operation-inherent-resolve-in-iraq/

[11] لەم ڕووەوە بڕوانە: واع، رئيس الوزراء وقائد القيادة المركزية الأمريكية يؤكدان الاتفاق الكامل والنهائي على إنهاء المهمة العسكرية للتحالف الدولي، على موقع وكالة الأنباء العراقية (تاريخ الزيارة ١٧- ٨- ٢٠٢٦):
https://ina.iq/ar/political/270689-30.html

[12] . ناوبراو لە بڵاوکراوەیەکیدا لە تۆڕی ئێکس لە ١ –٦ –٢٠٢٦ ئاماژەی بەوەدا کە ئەم سێ دەوڵەتە بڕیڕەی ستراتیژیی بەردەوامیی سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و ڕایگەیاندوە کە سەرۆک ترەمپ و ئەمریکا کار ئەکەن بۆ تێپەڕاندنی جیاوازییە خێڵەکی، ئایینی و مەزهەبییەکانی نێوانیان بۆ هێنانەکایەی خۆشگوزەرانیی هاوبەش لە چوارچێوەی یەک نەخشە و پێکهاتەی یەکگرتوی وەستاو لەسەر بەرژەوەندیی دو لایەنە .بڕوانە بڵاوکراوەکە لەم لینکە (مێژوی سەردان کردن ١٧- ٨- ٢٠٢٦):
https://x.com/usambturkiye/status/2061517384439971908?s=46&t=F_oriqoa4bZ7MJqc10RXhQ

پێویستە ئەوەش بزانرێ کە پەیوەندیە ئابوری و ئەمنی و سەربازیەکانی عێراق لەگەڵ ئەمریکا دوای کشانەوەی هێزە سەربازیەکانی، لە سەر بناغەی رێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژیی نێوان هەر دو وڵات (SFA) ئەبێ.[13]

## ٢. کۆنترۆڵکردنی چەک (حصر السلاح) لە لایەن دەوڵەتەوە

پرسی رێکخستنەوەی ئەو هێزە چەکدارانەی لە عێراق، لە دەرەوەی دامەزراوە ئەمنی و سەربازیەکانی دەوڵەتن نوێ نییە، بەڵکو هەر لە دوای روخانی رژێمی پێشووەوە ئەم بابەتە یەکێک لە کێشە سەرەکیەکان بو. ئەوکات لە رێی تێهەڵکێشکردنیان لەگەڵ سوپا و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەم پرسە چارەسەر کرا، وەکو هێزەکانی رێکخراوی بەدر بەپێی فەرمانیژمارە (٩١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەمانان.[14] لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی نزیکەی سێیەکی خاکی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ دا و دەستەپاچەیی هێزە سەربازی و ئەمنیەکانی ئەو کاتی عێراق لە بەردەم ئەم گروپە تیرۆریستیە دا، ئایەتوڵا سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکان فەتوای (الجهاد الكفائي)ی دەرکرد و بەپێی ئەمەش چەندین گروپی چەکدار دروست کران کە دواتر هەندێکیان لە ژێر چەتری یاسای حەشدی شەعبی، ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠١٦ دا کۆکرانەوە.[15] بەڵام هەندێک لەم گروپانە لە دەرەوەی مانەوە. لە راستیدا دۆخی کۆی ئەو هێزە چەکدارانە و پەیوەندییان بە دەستەی حەشدی شەعبیەوە ئاڵۆزە. چونکە لەگەڵ بونی چەند لیوایەکی تایبەت بە حەشدی شەعبی، کەچی هەندێک لەم گروپە چەکدارانە سەربازی ئەوەی کە بەشێوەی رەسمی سەر بەم دەستەیەن و لە بودجەی گشتی پارەدار ئەکرێن، بەڵام خاوەنی سەرکردایەتی و بڕیاری سیاسیی تایبەت بە خۆیانن، وەکو: کەتائیبی حیزبوڵا و نوجەبا. هەندێکی تر لەم گروپانە سەر بە حەشدی شەعبی نین، بەڵکو راستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکانن، وەکو: گروپەکانی تایبەت بە عەتەبات، بەڵام هەندێک لەم گروپە چەکدارانە بەتەواوی لە دەرەوەی هەمو دەستە و دامەزراوە سەربازیە رەسمیەکانن، وەکو: گروپی (أصحاب الكهف وسرايا أولياء الدم).[16]

---

[13]. بڕوانە یاسای راستاندنی رێکەوتننامەکە و دەقەکەی لەم لینکە (مێژوی سەردان کردن ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://iraqld.e-sjc-services.iq/legislations/showlegislation?lawbookid=28981
یان لە: الوقائع العراقية | رقم العدد :٤١٠٢ | تاريخ العدد :٢٤-١٢-٢٠٠٨ | رقم الصفحة :٢٢ | عدد الصفحات :١٠.

[14] . بڕوانە دەقی فەرمانەکە لەم لینکە (مێژوی سەردان کردن ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://iraqld.e-sjc-services.iq/legislations/showlegislation?lawbookid=21687
یان لە: الوقائع العراقية | رقم العدد :٣٩٨٤ | تاريخ العدد :٠١-٠٦-٢٠٠٤ | رقم الصفحة :٦٩ | عدد الصفحات :١٢.

[15] . بڕوانە دەقی یاساکە لەم لینکە (مێژوی سەردان کردن ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://iraqld.e-sjc-services.iq/legislations/showlegislation?lawbookid=35508
یان لە: الوقائع العراقية | رقم العدد :٤٤٢٩ | تاريخ العدد :٢٦-١١-٢٠١٦ | رقم الصفحة :٣ | عدد الصفحات :٣.

[16] . (بۆ زانینی نەخشەی ئەم گروپە چەکدارانە و جیاوازییەکانی نێوانیان بڕوانە:
أميمة مجيد، خريطة الفصائل.. من يرفض حصر السلاح في العراق؟، على موقع الجزيرة (تاريخ الزيارة ١٨ /٨ /٢٠٢٦):
https://www.aljazeera.net/politics/2026/7/30/%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A%D8%A9-%D8%AE%D8%B1%D8%A7%D8%A6%D8%B7-

پرسی چەککردن یان کۆنترۆڵکردنی چەکی "بەرەڵا" (حصر السلاح المنفلت) یان کۆنترۆڵکردنی چەک لە لایەن دەوڵەتەوە (حصر السلاح بيد الدولة)، لە دوای لاوازبونی رێکخراوی تیرۆرستی داعش و بە دیاری کراویش لە دوای خۆپیشاندانەکانی تشرینی ۲۰۱۹ەوە، بوەتە بابەتێکی گرنگی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و تەنانەت گفتوگۆکانی عێراق و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر و بە دیاریکراویش وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەتایبەت پاش بەشداریکردنی هەندێک لە گروپە چەکدارەکانی عێراق لە جەنگەکانی دوای ۷ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۳ و هێرشکردنە سەر ئیسرائیل و بارەگا دیبلۆماسییەکان و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لەناو عێراق و ناوچەکە و بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ژێرخانی وزە و بەشێک لە دەوڵەتانی کەنداو، لە لایەن ئەم گروپە چەکدارانەوە کە لەژێر ناوی بەرگریی ئیسلامی لە عێراق (المقاومة الإسلامية في العراق) دا چالاکی ئەمنی ئەنوێنن.

بەرنامەی کاری حکومەتەکەی عەلی زەیدی، پرسی کۆتاییهێنان بە دیاردەی "چەکی بەرەڵا"ی دەرەوەی چوارچێوەی دامەزراوە رەسمی و شەرعییەکانی دەوڵەتی کرد بە یەکێک لە گرنگترین ئەوکەکانی حکومەت.[17] ئێستا لە لێدوان و راگەیەنراوە رەسمییەکانی تری سەرۆک وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران باس لە کۆنترۆڵکردنی چەک دەکرێت. ئەمەش نارونییەک دروستدەکات کە ئاخۆ مەبەستی سەرەکی و ئامانجی کۆتایی ئەم پرۆسەیە چییە کە ئێستا زۆر باسی لێوە دەکرێت و سەرۆک وەزیران پێداگری نیشان دەدات بۆ ئەنجامدانی. نارونی لە چەمکەکە و چییەتی و چۆنیەتیی ئەنجامدانی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی چەک، جیاوازیی نێوان دۆخی گروپە چەکدارەکان و پەیوەندییان بە دەستەی حەشدی شەعبی و هێزە سیاسییەکانەوە، پێویستیی رێکخستنی ئەم پرۆسەیەی لە چوارچێوەیەکی یاساییدا هێناوەتە کایەوە. هەر بۆیەش سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ماوەی رابردودا، لە زیاد لە لێدوانێکدا باسی ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکی لەو شێوەیەی کردوە.[18]

ئامادەبوانی گفتوگۆکە کۆک بون لەسەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە ئاسان نییە و لەمپەری زۆری لە بەردەمایە. ئاماژە بەوە درا، کە هەندێک لە گروپە چەکدارەکان بە ئاشکرا رایانگەیاندوە کە ئامادە نین چەک رادەست

%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D9%88%D8%B0-%D9%88%D9%85%D8%B9%D8%B6%D9%84%D8%A9

[17] . بڕوانە بڕگەی (و) لە خاڵی بیست و یەکەمی بەرنامەی وەزاریی حکومەت لەم لینکە (مێژوی سەردان کردن ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://pmo.iq/?page=6

[18] . بڕوانە: رئيس مجلس الوزراء السيد علي فالح الزيدي يستقبل رئيس وأعضاء لجنة الأمن والدفاع النيابية، على موقع رئيس مجلس الوزراء (تاريخ الزيارة ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://pmo.iq/?article=4532

بکەن؟[19] یان لانی کەم ڕەتی ئەکەنەوە ئەم پرۆسەیە بەچەک ئەنجام بدرێت.[20] د. کاردۆ کەریم ئاماژەی بەوەدا کە نابێت تەنیا وەک بابەتێکی سیاسی یان یاسایی تەماشای ئەم پرۆسەیە بکەین، بەڵکو هەندێک لەم گروپانە ئەیانەوێت لە چوارچێوەی بڕوای مەزهەبی‌یەوە بەردەوامی بە مانەوەیان بدەن، بۆ نمونە ئەمانە ڕایدەگەیەنن کە چەکەکانیان تەنها ڕادەستی "ئیمامی مەهدی" دەکەن.[21] لەم ڕووەوە د. یاسین تەها ئاماژەی بەوەدا کە ئایەتوڵا سیستانی فەتوای هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی چەک لە لایەن دەوڵەتەوە،[22] بەڵام بە دووری‌زانی ئەم گروپانە ملکەچی فەتوای ناوبراو بن، چونکە خۆیان بە پێڕەوانی مەرجەعی دیکە دەزانن.

لە بەرامبەردا هەندێک لە گروپە چەکدارەکانی تر هەر زو پابەندبونی خۆیان بۆ پرۆسەی‌ڕادەستکردنی چەک دەربڕی. لەوانەڕەوتی نیشتیمانی‌ی شیعە (تيار الوطني الشيعي) کە هەر زو موقتەدا سەدر کۆتاییهێنانی پەیوەندیی گروپی (سرايا سلام)ی بەڕەوتەکەیەوەڕاگەیاندو فەرمانی بە گروپەکە کرد کە بچنە نێو دامەزراوە سەربازی‌یەکانی دەوڵەتەوە.[23] بە هەمان شێوە گروپی عەسائیبی ئەهلی حەق ڕایگەیاندوە کە پابەند ئەبن بەڕادەستکردنی چەک

---

19 . بۆ نمونە بڕوانە: العربية نيت، 6فصائل عراقية رفضت تسليم سلاحها ..تعرف عليها، على موقع العربية (تاريخ الزيارة ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://www.alarabiya.net/arab-and-world/iraq/2026/06/05/6-%D9%81%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D9%84-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A%D8%A9-%D8%B1%D9%81%D8%B6%D8%AA-%D8%AA%D8%B3%D9%84%D9%8A%D9%85-%D8%B3%D9%84%D8%A7%D8%AD%D9%87%D8%A7-%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%81-%D8%B9%D9%84%D9%8A%D9%87%D8%A7

20 . بۆ نمونە بڕوانە ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی بەدر لەم بارەیەوە: المدى، بدر تحذر من "الفتنة" وترفض نزع سلاح الفصائل بالقوة ..ودعوات لإعادة هيكلة الجيش!، على موقع المدى (تاريخ الزيارة ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://almadapaper.net/448393/

21 . بڕوانە گفتوگۆی ئەم باوەڕە مەزهەبیانە لەم بابەتە ڕەخنەییە:
حيدر الأمين، "لا يُسلَّم السلاح إلا لصاحب الزمان (عج)": قراءة نقدية لشعار المقاومة الغيبية، على موقع الجنوبية (تاريخ الزيارة ١٨/ ٨/ ٢٠٢٦):
-https://janoubia.com/2025/10/28/%D9%84%D8%A7-D9%8A%D9%8F%D8%B3%D9%84%D9%8E%D9%91%D9%85%-D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%84%D8%A7%D8%AD-%D8%A5%D9%84%D8%A7%-D9%84%D8%B5%D8%A7%D8%AD%D8%A8%/D8%A7%D9%84%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86-%D8%B9%D8%AC%

22 . بۆ نمونە بڕوانە: الشرق الأوسط، السيستاني يجدد الدعوة إلى "حصر السلاح بيد الدولة"، على موقع جريدة الشرق الأوسط (تاريخ الزيارة ١٨ /٨/ ٢٠٢٦):
https://aawsat.com/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D9%8A/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B4%D8%B1%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D9%8A/5158895-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8A%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86%D9%8A-%D9%8A%D8%AC%D8%AF%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B9%D9%88%D8%A9-%D8%A5%D9%84%D9%89-%D8%AD%D8%B5%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%84%D8%A7%D8%AD-%D8%A8%D9%8A%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9

23 . بڕوانە ڕاگەیەنراوەکەی لە لاپەڕەی فەرمیی ناوبراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی X لەم لینکە (مێژوی سەردان کردن ١٨- ٨- ٢٠٢٦):
https://x.com/Mu_AlSadr/status/2059582674428170728?s=12

و تێکەڵ بون بە دامەزراوە سەربازییە فەرمییەکان.[24] لەم بارەیەوە شوان داوودی (پەرلەمانتاری پێشوی عێراق) لە گفتوگۆیەکدا ئاماژەی بەوەدا کە گروپە چەکدارەکانی عێراق لە دۆخی نوێی ناوچەکە تێگەیشتون، هەر بۆیەش ئەیانەوێت خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێنن. د. یاسین تەهاش ئاماژەی بەوەدا کە بەشێکی گروپە چەکدارەکان، بەتایبەت عەسائیبی ئەهلی حەق ئەیانەوێت ئەو پرۆسەیە هاوشێوەی خۆگونجاندنی گروپە چەکدارەکانی سوریا بێت و (ئامانجیان ئەوەیە باڵە سەربازییەکانیان لەژێر چەتری فەرمی دەوڵەتدا بپارێزن و پەرەداریشیان بکەن، بەبێ ئەوەی ئەو چەکدارانە دەستبەرداری مەرجەعییەتی سیاسی و مەزهەبی و رێکخراوەیی خۆیان بن. ئەم هەوڵکێشەیەیش جۆرێکە لە” دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا ”بە بەرگێکی یاساییەوە)[25] لەم روەوە ئەکرێ ئاماژە بەوە بدەین کە لە ماوەی سێ ساڵی رابردودا سەربازی کۆی ئەو جەنگ و ململانێ سەختانەی لە ناوچەکەدا لە ئارادا بون، دەسەڵاتدارانی عێراق توانییان بەشداریی گروپە چەکدارەکان سنوردار بکەن و عێراق بپارێزن لە خزانی راستەوخۆ بۆ ناو ئاگری ئەو جەنگانە.

لە لایەکی ترەوە وەک د. جەلیل عومەر (سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمان)ی ئاماژەی پێدا، نابێت ئەوە لە بەرچاو نەگرین کە بارودۆخی عێراق پەیوەندیدار نییە بە یەک یان دو فاکتەرەوە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە کارلێکی کۆی گۆڕاوەکانی ناوچەکە، بەتایبەتیش سەرەنجامی جەنگی ئێران- ئەمریکا و ململانێی نێوانیانەوە. لەم روەوە د. بێستون حسێن، (سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی سلێمانی) بە دوری نەزانی کە سەرەڕای نەبونی نەخشەرێگایەکی رون لە لایەن ئەمریکاوە بۆ پرۆسەی چەکداماڵینی گروپە چەکدرەکان، بەڵام ئەمریکا لە داهاتودا فشارەکانی لەسەر حکومەتی فیدراڵ چڕتر ئەکاتەوە بۆ هەنگاونانی کرداری لەم فایلە دا.

د. یاسین تەها لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوەدا کە بەشێک لە دەستەبژێری سیاسیی عێراق ئاماژە بەوە ئەکەن کە پشتگیریی ئەمریکا بۆ زەیدی مەرجدارە بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ئەمریکاوە، بەتایبەت لە پەیوەست بە چەککردنی گروپە چەکدارەکانەوە. ئەمەش بە رای مامۆستا ئارام عەلی، نوسەر و مێژونوس عێراق دەخاتە بەردەم دورییانێکی سەخت و چارەنوسسازەوە و دور نییە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لەناو هێزە شیعەکان دا.

هەرچەندە عەلی زەیدی سەرۆک وەزیران و تەنانەت کۆی سەرۆکایەتییەکانی عێراق سورن لەسەر کۆنترۆڵکردنی چەک،[26] بەڵام هەندێک لە ئامادەبوان لە نێوانیشیاندا رێزان شێخ دلێر، پەرلەمانتاری پێشو

---

[24] . بڕوانە: الجزيرة، "عصائب أهل الحق "تفك الارتباط بـ"الحشد الشعبي "في العراق وتلقي سلاحها، على موقع الجزيرة (تاريخ الزيارة ١٨ /٨ /٢٠٢٦): https://www.aljazeera.net/news/2026/6/2/%D8%B9%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D8%A3%D9%87%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%82-%D8%AA%D9%81%D9%83-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B1%D8%AA%D8%A8%D8%A7%D8%B7-%D8%A8%D9%80%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B4%D8%AF

[25] . بڕوانە: د. یاسین تەها، عێراقی “دوای هاوپەیمانان” ، لەم لینکە (مێژوی سەردان کردن ١٨- ٨- ٢٠٢٦): https://penus.krd/?p=5232

[26] . بۆ نمونە بڕوانە ئەم راگەیەنراوەی سەرۆکایەتییەکانی عێراق لە ١٧- ٨- ٢٠٢٦:

گومانی خۆیان نەشاردەوە لەوەی هەمو هێزە سەربازی‌یە فەرمی‌یەکان گوێڕایەڵی سەرۆک وەزیران بن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لەم پرۆسەیەدا. هەر بۆیە وەک عەلی عومەر ئاماژەی پێدا، سەرۆک وەزیران دەیەوێت لە ڕێی بەهێزکردنی زیاتری هێزەکانی بەرەنگربونەوەی تیرۆری عێراقەوە پشتیوانی‌یەکی گەورەی سەربازی دروست بکات بۆ هەنگاوەکانی لەم بوارەدا. هەر بەم ئاراستەیەش ئیئتیلافی ئیدارەی دەوڵەت لە دوا کۆبونەوەی خۆی‌دا بۆ هەنگاوەکانی حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی چەک،ڕایانگەیاند کە هەر گروپێک لە دوای ۳۰ی ئەیلولەوە سەرپێچی ئەو بڕیارە بکات، ئەوا لە چوارچێوەی ڕوبەڕووبونەوەی تیرۆر مامەڵەیان لەتەک ئەکرێت.[27] بەمەش زەیدی دەیەوێت پاڵپشتی‌یەکی سیاسی بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی بەوگێکی قانونی و شەرعی بدات بە هەر ڕوبەڕووبونەوەیەک لەگەڵ ئەو گروپە چەکدارانەی دژی کۆنترۆڵکردنی چەک ئەبن لە دەستی دەوڵەتدا. پرسی دەوکردنی قانونیش بۆ ئەم پرۆسەیە کە پێشتر باس کرا، خزمەت بەم ئامانجە دەکات.

پرسی چەکی گروپە چەکدارەکان، جگە لە ڕەهەندە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی‌یەکەی،ڕەهەندێکی ناوچەییشی بۆ زیاد بوە، بەتایبەت دوای ئەوەی سعودیە و دەوڵەتانی تری کەنداو چەند جارێک، ئەم گروپانەیان تۆمەتبار کردوە بەوەی هێرشیان کردۆتە سەریان. لەمڕووەوە ڕۆژی ۱۹- ۸- ۲۰۲٦ پێگەی (ئەلمۆنیتەر) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە و ئاماژەی داوە کە سعودیە فشاری خستۆتە سەر سەرۆک وەزیران، عەلی زەیدی بۆ گرتنەبەری هەنگاوی عەمەلی دژی ئەو گروپە عێراقییانەی کە تۆمەتباریان دەکات بەوەی لە پشتی زۆربەی ئەو هێرشانەوەن کە لەسەرەتای جەنگەکانی ناوچەکەوە کراونەتە سەر ئەو وڵاتە. ئاماژە بەوەش کراوە کە سعودیە داوای دەستگیرکردن و سزادانی بەرپرسانی ئەو هێرشانە دەکات کە خاکی وڵاتەکەیان کردووەتە ئامانج. لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر گەیشتن بە ئاستی سوکردایەتی ناو گروپەکان دەکاتەوە و تەنها بە دادگاییکردنی جێبەجێکارەکان ڕازی نابێت.[28] ئەگەر ئەندامێتی سعودیە لە ڕێککەوتننامەی مەککەش لە بەرچاو بگرین کە لە ۷ی ئابی ۲۰۲٦ واژۆ کرا، ئەوا ئەم گرژی‌یە ئەمنی و سەربازییانەی ئەم گروپانە لە ئاستی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق دروستی ئەکەن، ڕەهەندێکی گەورەتر وەردەگرێت. چونکە بە پێی پرنسیپی "بەرگریی بەکۆمەڵ" کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا دەقنوس کراوە، ئەوا عێراق و گروپە چەکدارەکان، خۆیان لە بەردەم دۆخێکی نوێدا ئەبیننەوە

---

اجتماع الرئاسات يبحث الأوضاع العامة في البلاد والتطورات في المنطقة، على موقع رئاسة الجمهورية (تاريخ الزيارة ١٨/ ٨/ ٢٠٢٦):

https://presidency.iq/Details.aspx?id=13431

[27]. بڕوانە: النهار العربي، "ائتلاف إدارة الدولة "في العراق يدعم حصر السلاح بيد الدولة ...ويُحذّر من زج البلاد في الصراعات، على موقع جريدة النهار (تاريخ الزيارة ١٨ /٨/ ٢٠٢٦):

https://www.annahar.com/arab-world/arabian-levant/336217/%D8%A7%D8%A6%D8%AA%D9%84%D8%A7%D9%81-%D8%A5%D8%AF%D8%A7%D8%B1%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%8A%D8%AF%D8%B9%D9%85-%D8%AD%D8%B5%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%84%D8%A7%D8%AD-%D8%A8%D9%8A%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9-%D9%88%D9%8A%D8%AD%D8%B0%D8%B1-%D9%85%D9%86-%D8%B2%D8%AC-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D9%84%D8%A7%D8%AF-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%B1%D8%A7%D8%B9%D8%A7%D8%AA

[28]. بڕوانە:

Amberin Zaman, Saudi Arabia wants Iran-backed militia 'heads to roll' in Iraq amid talks with Tehran, in Site:
https://www.al-monitor.com/originals/2026/08/saudi-arabia-wants-iran-backed-militia-heads-roll-iraq-amid-talks-tehran

بەوەی هەر هێرشێک بۆسەر سعودیە لە روی تیۆرییەوە هێرشە بۆ سەر دو دەوڵەتەکەی تری ئەندامی رێککەوتننامەی مەککە، کە ئەوانیش تورکیا و پاکستانن. [29] دوریش نییە یەکەم تاقیکردنەوەی هاوپەیمانی‌یەکە بەرپەرچدانەوەی گروپە چەکدارەکانی ناو عێراق بێت!.

## ٣. ئاڵنگاریی سیاسی:

سەرباری هەمو ئەو ئاڵنگارییە ئابوری و تەناهییانەی لە بەردەم حکومەتەکەی عەلی زەیدی هەن، کێشەیەکی تر بریتی‌یە لە تەواو نەبونی کابینەکە، بە شێوەیەک کە ئێستا لە کۆی ٢٣ وەزارەت، تەنها ١٤ وەزیر متمانەیان لە ئەنجومەنی نوێنەران وەرگرتوە و ٩ وەزارەت بە وەکالەت بەڕێوە ئەبرێن. [30]

هۆکاری زۆر هەن بۆ تەواو نەبونی کابینەکە، لەوانە هەر لە سەرەتاوە یەکلاکردنەوەی ناوی ٤ وەزیری لە کابینەکەی دواخست، کە ئەم وەزارەتانەن: (بەوگری، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، گەنجان و وەرزش، کۆچ و کۆچبەران). چاودێران ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکلاکردنەوەی ناوی ئەو چوار وەزارەتە لە سەرەتاوە پەیوەندی بە هەندێک هێزی وەک (سادیقون بە سەرۆکایەتیی قەیس خەزعەلی)یەوە هەبو، بۆ ئەوەی دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی تێکەڵبونی گروپی چەکداری (عەسائیبی ئەهلی حەق) بتوانن وەزارەت وەربگرن و روبەڕوی ڤیتۆی ئەمریکی نەبنەوە.

لە لایەکی ترەوە بە هۆی ناکۆکیی نێوان کوتلە سیاسی‌یەکانەوە، لە رۆژی دەنگدان لەسەر کابینەکەی زەیدی، پێنج کاندیدی وەزارەتەکانی (پلاندانان، ناوخۆ، خوێندنی باڵا، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، رۆشنبیری)، لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە متمانەیان پێ نەدرا.

ئەمەش حکومەتەکەی زەیدی خستۆتە بەردەم ئەگەری لەدەسدانی نیسابی یاسایی دانیشتنەکانی، چونکە وەک د. بەهار مەحمود، ئەندامی پێشوتری ئەنجومەنی نوێنەران و پسپۆڕی قانونی عام و ئەندامی دەستەی

---

[29]. بروانە: د. یاسین تەها، سەرچاوەی پێشو.
[30]. بروانە: الدائرة الإعلامية لمجلس النواب، مجلس النواب يصوت على المنهاج الوزاري ويمنح الثقة لحكومة السيد علي الزيدي، على موقع مجلس النواب (تاريخ الزيارة ١٩/ ٨/ ٢٠٢٦):
https://iq.parliament.iq/blog/%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%B3-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%A8-%D9%8A%D8%B5%D9%88%D8%AA-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%86%D9%87%D8%A7%D8%AC-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B2%D8%A7%D8%B1%D9%8A-%D9%88/
وكذلك ينظر: الجزيرة، أجل حسم 9 حقائب ..البرلمان العراقي يمنح حكومة الزيدي الثقة جزئيا، على موقع الجزيرة (تاريخ الزيارة ١٩/ ٨/ ٢٠٢٦):
https://www.aljazeera.net/politics/2026/5/15/%D8%A3%D8%AC%D9%84-%D8%AD%D8%B3%D9%85-9-%D8%AD%D9%82%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A-%D9%8A%D9%85%D9%86%D8%AD

بەڕێوەبردنی (MASS)، لە گفتوگۆکەدا ئاماژەی پێدا، ئەگەر زەیدی خۆی یان چەن وەزیرێکی کابینەکەی، بە هەر هۆیەک بێ، دەست لەکار بکێشنەوە، حکومەت شەرعییەتی نامێنێت.

بەپێی مادەی ١- دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٩، ئەم ئەنجومەنە پێکدێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانی و وەزیرەکان، دوای ئەوەی سوێندی دەستوری لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانا ئەخۆن. هەروەها بەگوێرەی بڕگەی یەکەم لە مادی ٧ی پەیڕەوەکە دروستبونی نیسابی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەبونی زۆرینەی رەهای ئەندامانیەتی و نیسابی دەنگدانیش زۆرینەی سادەیە. بەڵام لە بڕگەی دووەمی ئەو مادەیەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەنجومەن بە پەسەندکردنی تیانوسێک ئەتوانێت وەزیرێک بکاتە جێگرەوەی هەر وەزیرێکی تری ئامادە نەبو بەهەر هۆکارێک، بۆ پڕکردنەوەی نیسابی یاسایی دانیشتنەکان و تەنانەت بۆ دەنگدان لە بری وەزیری ئامادە نەبو.[31] هەرچەندە لێرەدا رون نییە کە وەزیری ئامادە نەبو کێیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە مادەی ١ ئاماژە بەوە دراوە کە وەزیر کاتێک دەبێتە ئەندام لە ئەنجومەنی وەزیران کە سوێندی خوارد، ئەوا وای دەبینین کە ئەو وەزیرانەی بە هەر هۆکارێک متمانەیان وەرنەگرتوە و وەزارەتەکەیان چۆڵ (شاغر)ە، ئەوا ئەوانە هەر لە بنچینەوە سیفەتی وەزیریان وەرنەگرتوە تا بە وەزیری ئامادە نەبو هەژمار بکرێن. هەر بۆیەش بە دەستکێشانەوە یان متمانە وەگرتنەوە لە ٢ یان ٣ وەزیری کابینەکەی زەیدی، سەرباری ئەوەی هیچ بەڵگەیەک نییە کە حکومەت ببێتە کاربەڕێکەر، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران نیسابی یاسایی دانیشتنەکانی نامێنێت و ناتوانێت ئەو دەسەڵاتانە پیادە بکات کە لە مادەی ٢ی پەیڕەوەکەدا هاتون.

لە ناو ئەو وەزارەتانەی تا ئێستا بە چۆڵی ماونەتەوە و بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن هەردو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ هەن کە ئەمە بۆ ئەم قۆناغە پڕ لە ململانێیەی دەوروبەری عێراق، هەروەها دۆخی ناوخۆشی، جێگەی مەترسین. بەتایبەت کە ئێستا سەرۆک وەزیران هەڵمەتێکی دەستپێکردوە بۆ روبەڕووبونەوەی گەندەڵی، بە هەمان شێوە بەردەوام پێداگریی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە چەکی بەرەڵا دوپات دەکاتەوە، کە ئەمەش ئەگەری روبەڕوبونەوە لەگەڵ هەندێک لەم گروپە چەکدارانە، بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

بۆ روبەڕووبونەوەی هەر بۆشاییەکی ئەمنی لەم رەوەوە، سەرۆک وەزیران لە ٢٣ی تەموزی ئەمساڵا نوسینگەیەکی تایبەتی کردوە بەناوی نوسینگەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، کە ئەرکی بریتی دەبێت لە سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ، دۆگاکانی: (بەرەنگاربونەوەی تیرۆر، هەواڵگریی نیشتیمانی، ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق) و دەستەکانی: (حەشدی شەعبی، دەروازە سنورییەکان، پیشەسازیی جەنگی). بەڕێوەبەری ئەم نوسینگەیەش فەریقی یەکەم عەبولئەمیر شەمەرییە.[32]

---

[31] . بڕوانە: النظام الداخلي لمجلس الوزراء رقم (٢) لسنة ٢٠١٩، الوقائع العراقية، العدد ٤٥٣٣، بتاريخ ٢٥/ ٣/ ٢٠١٩، ص ص ٢- ١٥.

[32] . بڕوانە: بغداد اليوم- بغداد، بالوثيقة ..افتتاح مكتب القائد العام للقوات المسلحة في المنطقة الخضراء وهذه مهامه، على موقع بغداد اليوم (تاريخ الزيارة ٢٠/ ٨/ ٢٠٢٦):

https://baghdadtoday.news/303937-.html

یەکلانەکردنەوە و پڕنەکردنەوەی وەزارەتە چۆڵەکان، دۆخی حکومەتی ئێستا بە مۆلەقی دەهێڵێتەوە و لاوازی دەکات لە بواری روبەڕووبونەوەی مەترسی‌یە ناوخۆیی و دەرەکی‌یەکان و هەروەها لە بەرامبەر کاریگەری‌ی ململانێ سیاسی‌یە ناوخۆیی‌یەکان لەسەر داهاتوی حکومەت. هۆکارە سەرەکی‌یەکانی بەردەوامی ئەو دۆخەش زۆرن، لەوانە: کێشمەکێشی هێزە سیاسی‌یەکان لەسەر وەرگرتنی ئەو وەزارەتانەی ماون؛ یەکلانەبونەوەی دۆخی کوتلەی سادیقون، هەروەها نادڵنیایی بەشێک لە هێزە سیاسی‌یەکانی تر لە داهاتویان، بەتایبەت لەگەڵ کرانەوەی دۆسێکانی گەندەڵی و بە هەمان شێوەش نادیاری‌ی داهاتوی پرۆسەی چەککردنی گروپە چەکدارەکان یان رێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی هێزە سەربازی و ئەمنی‌یە رەسمی‌یەکان دا. هەر بۆیەش وا دەرئەکەوێت کە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی پەلەیان نییە لە تەواوکردنی کابینەکە.

سەرباری هەمو ئەمانەش، یەکێکی تر لە ئەگەرەکان دەستکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانە لە پۆستەکەی. هەندێک لە سەرچاوە هەواڵی‌یەکان لە کۆتایی مانگی تەموزی رابردودا ئاماژەیان بەوە کرد کە عەلی زەیدی لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دا، هەڕەشەی دەستکێشانەوەی کردوە بە هۆی پشتگیری نەکردنی هێزە سیاسی‌یەکان لە هەڵمەتی روبەڕووبونەوەی گەندەڵی و بە هەمان شێوە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی چەک لە لایەن دەوڵەت و فشارە ناوچەیی و نێودەوڵەتی‌یەکان.[33] هەرچەندە دواتر ئەم هەواڵە رەتکرایەوە؛[34] بەڵام (-) ئەندامێکی لیژنەی بەرگری و ئاسایشی ئەنجومەنی نوێنەران لە لێدوانێکی‌دا بۆ کەناڵێکی راگەیاندن، رایگەیاند کە سەرۆک وەزیران لە کۆبونەوەی لەگەڵ لیژنەکەیان پەشیمانی دەربڕیوە لە وەرگرتنی بەرپرسیاری دروستکردنی حکومەت.[35] دەستکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەم کاتە هەستیارە ئابوری، ئەمنی و

---

33 . بڕوانە: العربي، "بسبب الفساد والسلاح .."الزيدي يلوّح بالاستقالة من رئاسة الحكومة العراقية، على موقع العربي (تاريخ الزيارة ٢٠/ ٨/ ٢٠٢٦):

https://www.alaraby.com/news/%D8%A8%D8%B3%D8%A8%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%B3%D8%A7%D8%AF-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%84%D8%A7%D8%AD-%D8%A7%D9%84%D8%B2%D9%8A%D8%AF%D9%8A-%D9%8A%D9%84%D9%88%D8%AD-%D8%A8%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%84%D8%A9-%D9%85%D9%86-%D8%B1%D8%A6%D8%A7%D8%B3%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%83%D9%88%D9%85%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A%D8%A9

34 . بڕوانە: السومرية، مصدر مسؤول لـ السومرية :ما يُتداول بشأن تهديد رئيس الوزراء بالاستقالة عارٍ عن الصحة، على موقع السومرية

https://www.alsumaria.tv/news/politics/571903/%D9%85%D8%B5%D8%AF%D8%B1-%D9%85%D8%B3%D8%A4%D9%88%D9%84-%D9%84%D9%80-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%88%D9%85%D8%B1%D9%8A%D8%A9-%D9%85%D8%A7-%D9%8A%D9%8F%D8%AA%D8%AF%D8%A7%D9%88%D9%84-%D8%A8%D8%B4%D8%A3%D9%86-%D8%AA%D9%87%D8%AF%D9%8A%D8%AF-%D8%B1%D8%A6%D9%8A%D8%B3-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B2%D8%B1%D8%A7%D8%A1-%D8%A8%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%84%D8%A9-%D8%B9

35 . نقلاً عن: ٩٦٤، الزيدي "نادم "على المنصب ورأى فصائل تختفي بين الغزلان !كتلة المالكي تكشف الكواليس، على موقع ٩٦٤ (تاريخ الزيارة ٢٠/ ٨/ ٢٠٢٦)

https://964media.com/708388/

سیاسییەی ئێستا، عێراق ئەخاتە ناو گێژاوی قەیرانێکی سیاسیی گەورە کە دەرچون لێی ئاسان نابێت. ئەگەر حکومەتەکەی زەیدی پاش نزیکەی ٦ مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بە ناتەواوی لە ناوەڕاستی ئایاری ئەمساڵا لەدایک بو، ئەوا دروستکردنی حکومەتێکی تر لەناو کارلێکی گۆڕاوە گەورەکانی ئێستای ناوچەکەدا کارێکی قورستر ئەبێت.

**ئەنجامگیری:**

دەرەنجامی گفتوگۆ و شیکارییەکانی ئەم پەڕاوە ئەوە دەسەلمێنێ کە عێراق لە قۆناغی ئێستادا لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی یەکلاکەرەوەدایە. ئەو دۆخە نەریتییە سیاسی و ئابورییەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە وڵاتەکەی بەڕێوە بردوە:

1. پشتبەستنی رەها بە داهاتی نەوت؛
2. دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی حزبی؛
3. رێزنەگرتنی بەهێزەکان لە قانون و دەستور؛
4. بێدەنگبوون لە ئاست دیاردەی گەندەڵی؛
5. بێدەنگبوون لە ئاست پەرەسەندنی چەکی دەرەوەی دەوڵەت؛
6. بێدەنگبوون لە ئاست پەرەسەندنی نادادی کۆمەڵایەتی؛
7. بە ئەنقەست و مەبەست گەورەکردنی دیاردەی بێکاریی دەمامکدار؛

تەواو گەیشتۆتە بنبەست و چیتر بوگەی وەرچەرخانە خێراکانی ناوچەکە و گوشارە نێودەوڵەتییەکان ناگرێت.

سەرکەوتنی بەغدا لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە راگوزەرە و دورخستنەوەی مەترسیی باهۆزی گۆڕانکارییەکان، بەندە بە توانای دەسەڵاتداران لە راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا. لەلایەک لە رێگەی گرتنەبەری چاکسازیی ریشەیی لە پەیکەری ئابوری دا، لە لایەکی تریشەوە لە رێی بەهێزکردنی دامەزراوە فەرمییەکان و رێگریکردن لە دروستبوونی بۆشایی ئەمنی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان و رێزگرتن لە قانون و دەستور.

هەڵبەت دەبێت لەوەش ئاگادار بین کە بەردەوامیی ململانێکانی ناوچەکە، کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر دۆخی ناوخۆیی عێراق بەجێدەهێڵن. هەر بۆیە کەمکردنەوەی کاریگەربون بە رووداوەکانی دەرەوە، پێویستی بە هێنانەدی تۆکمەیی هەیە لە رێگەی سنوردانان بۆ نادادیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دابینکردنی ئارامیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیی (السلم الإجتماعي والمجتمعي) لە ئاستی ناوخۆدا.

بەردەوامیی حکومەتی ئێستا بە ناتەواوی و هێشتنەوەی فایلە ئەمنی و ئابورییە هەستیارەکان بە هەڵپەسێردراوی، دور نییە رێگە خۆشبکەن بۆ ئەگەری داڕمانی نیسابی یاسایی و سیاسی، یان روبەڕووبونەوەی گێژاوی دەستلەکارکێشانەوە کە دەرئەنجامەکەی خستنەوەی قەیرانێکی قوڵتر دەبێت.

لەم سۆنگەیەوە، کۆنترۆڵکردنی چەک لەلایەن دەوڵەتەوە و ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی لە کەرتە ئابورییەکاندا، چیتر بژاردەیەک یان مانۆڕێکی سیاسی نین، بەڵکو پێویستییەکی ژیانین بۆ پاراستنی کیانی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق لە ناوچەیەکی پڕ لە گۆڕانکاریی ریشەییدا. لە هەمان کاتدا مامەڵەی ژیرانە لەگەڵ ئەم قەیرانانەی ئێستا دا رەنگە ببێتە هۆی هێنانەکایەی دەرفەت بۆ کێشە بونیادییە ئابوری، سیاسی و ئەمنییەکانی ئێستای عێراق.

## ناوی بەشداربوانی گفتوگۆی (عراق لە قۆناغی راگوزەردا :ئاڵنگارییەکان، سیناریۆکان ودەرفەتەکان)
## ٢- ٨- ٢٠٢٦

1. د. یاسین تەها: مامۆستای زانکۆ – شارەزا لە کاروباری عێراق، بەڕێوەبەری گفتوگۆ.
2. د. یوسف محەمەد سادق: سەرۆکی دامەزراوەی MASS.
3. م. ئەحمەد حاجی رەشید: ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
4. د. جەلیل عومەر: سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان– زانکۆی سلێمانی.
5. د. بێستون حسەین عارف: سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان– زانکۆی سلێمانی.
6. شوان داودی: ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
7. کاوە محەمەد: ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
8. محەمەد حسێن: توێژەر و شارەزاری ئابوری لە ناوەندی زیا جەعفەر بۆ وزەو سامانە سروشتیەکان.
9. د. ئاکۆ حەمەکەریم: راوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.
10. د کاردۆ کەریم: مامۆستا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.
11. رێزان شێخ دلێر: ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەران.
12. د. بەهار مەحمود: ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی MASS، ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
13. مەحمود رەزا ئەمین: ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی MASS، ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
14. کاوان قەرەداخی: شارەزای ئابوری.
15. م. ئارام عەلی عەزیز: نوسەر و مێژونوس.
16. شاڵاو سوارە: شارەزای سیاسی.
17. هەڵمەت محەمەد شوکر: شارەزای سیاسی.
18. لەنیا بورهان محەمەد: دەرچوی زانستە سیاسییەکان.
19. عەلی عومەر: دەرچوی زانستە سیاسییەکان.